# خۆپێشاندانی کوردانی نیشتەجێی وڵاتی فینلاند، بە بۆنەی شازدەهەمین ساڵڕۆژی تیرۆری ناجوامێرانەی شەهید دوکتور عەبدوڕەحمانی قاسملوو هەڤاڵانی ، لە شاری هێلسینکی پێتەختی ئەو وڵاتە.

بە بۆنەی شازدەهەمین ساڵرۆژی تیرۆری دوکتور عەبدوڕەحمانی قاسملوو ، سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و یەکێک لە هەڵکەوتوترین رێبەرانی گەلی کورد و هاوڕێیانی، شەهیدان عەبدوڵا قادری ئازەر، نوێنەری ئەو حیزبە لە دەرەوەی وڵات و دوکتور فازیل ڕەسووڵ، رێپێوانێکی هێمنانە لە ناوەندی شاری هێلسینکی پێتەختی وڵاتی فینلاند، لە لایەن لقی هێلسینکی کومیتەی فینلاندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و بە بەشداری کوردانی هەموو بەشەکانی کوردستان و نوێنەری حیزب و سازمانە کوردستانییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان پێکهات.



ئەم خۆپێشاندانە لە هەمانکاتدا کە رێزگرتن بوو لە یاد و بیرەوەری رێبەری زانا و مەزنی کورد، دوکتور عەبدوڕەحمانی قاسملوو ، هەر وەها بە مەبەستی پیشاندانی تورەیی و بێزاری کوردان سەبارەت بە هاوکاری حکومەتی ئەوکاتی ئوتریش لە گەڵ تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی و رادەست کردنەوەی تیرۆریستان بەرەو وڵاتی ئێران و بۆ باوەشی کۆماری ئیسلامی پێکهاتبوو. مەبەستێکی تری رێپێوانەکە پشتیوانیکردن بۆ سەرلەنوێ وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی شەهیدانی وییەن بە مەبەستی ناساندنی بڕیاردەران و بەڕێوەبەرانی ئەم تیرۆرە ناجوامێرانەیە بوو.



لایەنێکی تری خۆ پێشاندانەکە ، دەربڕینی رق و تووڕەیی کوردان بوو لە هەمبەر تیرۆر بە گشتی ، کە بەداخەوە گەلی ئێمە هەمیشە یەکێک لە قوربانیانی تیرۆریزم بووە. ئەمەش هەم بە وتنەوەی دروشم بە زمانی فینلاندی و هەم بە هەڵکردنی دروشم و تراکتی دژ بە تیرۆر و هەم بە بڵاو کردنەوەی ئەم بەیانەی کە کومیتەی حیزب بۆ ئەم مەبەستە چاپی کردبوو، بەڕێوە دەبرا.



ڕێپێوانەکە لە سەعاتی یەکونیوی دوای نیوەڕۆ لە ئێزگەی ناوەندی شەمەنەفەڕی شاری هێلسینکی بە کۆبوونەوەیەک دەستی پێکرد. لە کۆبوونەوەکەدا؛ پاش ڕاگەیاندنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان ، سروودی ئەیڕەقیب لە لایەن هونەرمەندی گەورەی گەلەکەمان کاک ڕەشیدی فەیزینیژاد و بە وتنەوەی هەموو بەشدارانی ڕێپێوانەکە وەک کۆرس، دەستی پێکرد. پاشان کاک مەجید هەقی ، بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە کومیتەی فینلاند، وتارێکی بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی وییەن و پێشاندانی دەستە نگریسەکانی کۆماری ئیسلامی لەم تیرۆرەدا پێشکەش کرد. پاشان سروودێکی تر لە لایەن هونەرمەند کاک ڕەشیدی فەیزینیژاد پێشکەش کرا کە بە وتنەوەی سەربەندی:

کوردستان ئاڵات هەر شەکاوە بێ                    ئاگری نەورۆزت هەر گەشاوە بێ

لە لایەن بەشدارانەوە جۆش و خرۆشێکی تایبەتی بە خۆپیشاندانەکە بەخشیبوو.



به دوای ئەم سروودەدا ڕێپێوان بەرەو باڵوێزخانەی وڵاتی ئوتریش دەستی پێکرد کە لە شوێنی دەسپێکی ڕێپێوانەکەوە، زۆر دوور نەبوو. بەشداران بۆ ماوەی خولەکێک لە نیزیک باڵوێزخانەکە بە ئارامی وەستان و چاوەڕوانی گەڕانەوەی نوێنەرانیان کرد، کە بە مەبەستی گەیاندنی دەنگی خەڵکەکە، بۆ دیتنی باڵوێز سەردانی سەفارەتی کرد. پاش گەڕانەوەی نوێنەران و ڕاگەیاندنی بەڵێنیەکانی باڵوێزی وڵاتی ئوتریش لە وڵاتی فینلاند بۆ گەیاندنی دەنگی نارەزایی کوردان لە هەمبەر هاوکاری حکومەتی ئوتریش لە گەڵ تیرۆریستان و بۆ پشتیوانیکردن لە هەوڵەکانی پیتر پیڵتز، نوێنەری پارلمانی ئوتریش لە مەڕ نیشاندانی ئەو بەڵگانەی دەیسەلمێنن کە مەحموودی ئەحمەدی نژادی سەرکۆماری حکوومەتی ئیسلامی، یەکێک لە بەڕێوە بەرانی ئەو تیرۆرە نامرۆڤانەیە بووە، ڕێپێوانەکە کۆتایی پێهات.

ئەوەی کە ماوەتەوە باس بکرێ، ڕێپێوانی 700 کیلۆمیتری لاوێکی خوێنگەرم بە ناوی کەماڵ عیززەتخواە بە پاسکیل بەم بۆنەیەوە بوو کە بە گەیشتنی بۆ شوێنی ڕێپێوانەکە بە چەپڵە و بەخێر هێنانی بەشداران پێشوازی

لێکرا.



وێڕای سپاس بۆ ئەرک و ماندوو بوون و ئەمەگناسی هەموو بەڕێوەبەران و بەشدارانی ئەم ڕێپێوانە

***ậ  ãŭŭ***
***2005-07-13***
***ĂẮ***